کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-4-2007 21:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تاڵەبانی رای چل ملیۆن کوردئەخاتە ژێرپرسیارەوە... ئاسۆ عەربەتی

لەدوای ئەو چاوپێکەوتنە کاریگەرەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کەناڵی عەرەبیە ئەنجامی دا تورکەکان لەبەردەمی ئەم فشارە سیاسەیەدا وابەسانایی خۆیان پی نەگیرا وهەراسانیان لەرووی سایکۆلۆژیەوە گەیشتە سەرئێسقان بەدیوێکدا شپرزە بوون تائەوئاستەی ژەنەراڵەکان وسەرۆکی وەزیران ووەزیری دەرەوەی ئەو وولاتە بکەوێتە ئەو هەڵەزەقانەی کە لەرۆژانی رابردوودا کردیان بەوزمانە هەرەشەیەی کەدوورە لەپرنسیپی نێودەوڵەتی ونزیکە بەدەستێوەردان، هەردوێنی بوو شەقامی باکور هەژا و بەئاشکرا کوردە شۆرشگێرانە بەوێنەی بارزانیەوە دارژانە سەر شەقام وهوتافیان بۆ رازاندەوە لەقەندیلیش ووتەبێژی پەکەکە وەك گەورەترین باڵی باکور پشتیوانی لە ووتارە نەتەوەیەکەی بارزانی کرد ودوایی یەکێتی نەتەوەیی کوردی کرد.. شەقامی کوردی جگە لە جاسوس وئەڵقەلەگوی وترسنۆك ونۆکەرەکانی کەبەپەنجەی دەست دەژمێرین وشوێنان لەمێژوودا زبڵخانەیە ئەوەی دی تێکرا لەپشت ئەم گوتارەوە راوەستان دیارە تاکی کوردی بەجەسوری دەناسرێتەوە هەربۆیە پێکرا پشتیوانی لەم بۆچونە نەتەوەیە دەکەن بۆچونەکەی بارزانی لە هەریمێکی چوار پارێزگایی دا نەمایەوە وسنوری هەرچوار پارچەکەی بری ئەمجارە گوزارشتی لە خواستی چل ملیۆن مرۆڤ کرد کەچی لەم دۆخە ناسکە وهەستیارەدا سەرۆك کۆماری عێراق کەلەسەر لیستی 730وەك نوێنەری کورد هەڵبژێردراوە بۆ ئەو پۆستە تاڵەبانی دیسانەوە ئەوەی لەبیرچوەوە کەکوردە بۆیە بەشپرزەیی وکتوپری نامەیەکی پر لەمەرایی ئاراستەی دەوڵەتی تورکیا کرد ونمایشی نوشتانەوەی کەواکەی بۆ کردن، لەوەدەچی تاڵەبانی فێربوبێت بەزمانێ: قسە بکات پربێت لەمساوەمە نەك زمانی ئاشتی لەکوی گوتویانە داگیرکەرەکەت برات بێت. هەموی چەند ساڵێ بەرلەئێستا بوو پێشوازی لەشاندێکیان کردو نوشتایەوە بۆ دەستی سەنعان قەساب!ئێستاش بۆ تورانیەکان دەنوشتێتەوەوحساب بۆشعوری چل ملیۆن کرد ناکا وبەلبَێن بەتورکەکان دەدات پەکەکەیان لەم هەرێمەدا بۆ پاکتاو بکات!تێناگەین تاڵەبانی بۆچ هێند بەبوونی پەکەکە لەم هەرێمەدا هەستیارەوئەوەش کەباخەیاڵێ نەبێت دۆسیەی کەرکوکە ئەی هەر کەرکوك نەبوو بەقودس پێناست دەکرد مەگەر ئێستا هەرتۆنیت ئەم بەڵێنە بەتورانیەکان دەدەیت تا دەستی ئارامی لەسەردڵی ئاسودە دابنێن ودواکارتیش بۆ تۆ کەرکوك وپەکەکە بێت؟پێت وایە بەلێدانی گوتارەکانی بارزانی ئیدی لەهەموو باڵی بەرامبەرت دەدەیت ئەمە هەڵەیەکی سیاسی ونەتەوەیی زەقە چونکە پەرەکانی مێژوو چاوپۆشیت لێناکەن، بارزانی ئەمرۆ بۆچوونی هەرچیەك بێـ لەم وتارانەی دا رای هەموو شەقامی کوردی لەپشتەوەیە، پێمان وابوو تۆش مردن هەڵبژێری نەك کورنوش کەچی کورنوشت بۆ زیادکردنی رۆژێکی تەمەنی خۆت وحزبەکەت هەڵبژارد ئەی شای عێراقی کەواسپی پایتەختەکان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.